# هەڵەکانی کورد لە کوردستانی باشوور لە مێژووی هاوچەرخدا

شادمان ساڵح

کوردستانی باشوور خرایە سەر عێراقی تازە دروست بوو، کورد خوازیار نەبوو، بەریتانیا و عێراقیش خیانەتیان لێکرد، بەڵام کورد خۆشی بێ تاوان نە بوو، کورد خۆشی لە نێو خۆیدا یەکگرتوو نە بوو، دێڤد ماکدۆڵ لە کتێبەکەیدا (مێژوی هاوچەرخی کورد) وامان بۆ دەگێڕێتەوە.

لە وتاری (کورد لە دیدی دیڤد ماکدۆڵەوە) باسمان لەو ساتانەکرد کە کوردستانی باشوور خرایە سەر دەوڵەتی عێراق، لە پاش ئەو ڕێکەوتنانەی کە لەگەڵ کورد بەستایان و پەیمانیان پێدا، هەردوو دەوڵت خیانەتیان لە کورد کرد،وە کورد خوازیار نەبوو بەشێک بێت لە عێراق، بەڵام کورد خۆشی تەنها نێچیرێکی بەسزمان نەبووە و بەڵکو خۆشی چەندین هەڵەی کردووە، بە ناڕاستەوخۆ لامپی سەوزی داوە بە داگیرکەران.

هەڵەکانی کورد لەو ساتانەدا بووە کە بە ناسکترین ساتی ئەو ڕەوشە دەناسرێت، لەو کاتەنەدا بووە کە عێراق و بەریتانیا خەریکی پلان بوون بۆ لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقی تازە دروستکراوەوە، لە کاتێکدا کورد خەریکی شەڕی ناوخۆ بووە کە دووژمنەکانی لە چواردەوری خۆیان بۆ ئامادە کرد بوو، کە لە هەر ساتێکدا بێت پەلاماری بدەن، لەو ساتەدا کوردەکان خەریکی دووبەرەکی بوون کە هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا لە 79 گوندا نزیکەی 1365 لە 2382 خانویان وێران کرد بوو ، جگە لە قوربانییەکی زۆر بەهۆی مینەوە.

دیڤد چیمان بۆ دەگێڕێتەوە؟

سەرەتا باس لە ڕەوشی سیاسی کورد دەکات هۆکارەکانی سەبەخۆ نەبونی کورد، جگە لە بەریتانیا و عێراق و ناوچەکە کە نەیانهێشتووە کورد ئازاد بێت و کیانێکی سەربەخۆی هەبێت، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد سیاسی شارەزا نەبووە، بۆ ڕوداوەکانی دوای جەنگ(مەبەست جەنگی جیهانی یەکەم)، پەیوەندییە کەمەکان و دابەشبوونی کۆمەڵگاکە لە لایەک، وە هەروەها سروشتە دوژمنایەتیەکەی نێوان هۆزەکان وای کرد پیشاندانی هەڵوێستێکی سیاسی یەگرتوو مەحاڵ بێت. بەریتانیاش زوو درکی بەوڕاستییە کرد بوو، ئەوە بو لە پاش سەردانەکانی جیفەر سۆن و وڵسن حکومەتی بەریتانی بۆی دەردەکەوێت، کە لەم کاتەدا بیری سەر بەخۆی کوردستانی باشوور، عەمەلی نییە بەهۆی ئەودواکەوتوویی و دابشبونەی لە نێوان هۆزەکاندا هەیە.

وە هەروەهاپاش سەردانەکەی ئارنۆڵد وڵسن نوێنەری مەدەنی بەریتانیا بۆ ناوچەکە کاتێک کە بەریتانیا ویستی شێخ مەحمود بکاتە حاکمی باڵا دەست لە ناوچەکە(واتە ولایەتی موسڵ)، وڵسن ئەوەی ئاشکرا کرد کە شێخ مەحمود جێگای ڕێزی هەموان نەبوو(واتە نێوەندی کوردی)،هەرچەندە بەریتانیا بەنیاز بوو بیکات بە حاکمی باڵادەست لە ناوچەکەدا، بەڵگەشی بۆ ئەمە سەرۆک هۆزەکانی کفری و کەرکوک ڕایانگەیاند بوو کە ئەوان و دانیشتوانی شارەکانیان پێیان خۆش نییە بچنە ژێر کۆنترۆڵی شێخ مەحمودەوە، هەربۆیە ڕێگەیان پێدرا ڕێوشوێنی تایبەت بەخۆیان بگرن.

وەک لە بابەتەکەی پێشوترا باسمان کرد کە دیڤد باسی لەو دوو ڕاپەرینە کرد بوو بەدرێژی، کە ڕاپەرینی شێخ مەحمود و شێخ ئەحمەد بارزابی بوو، نووسەر بە درێژی لەسەر ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییە دەدوێت، کە لە نێوان هۆزەکان و دەوروبەری خۆیاندا هەیان بووە.

نووسەر لە شوێنێکدا باس لەو دوژمنایەتیەی نێوان عەشیرەتی بارزان و زێباری دەکات، دەڵێت: ئەو ناوچەیە ناسراوە بە کەڵەڕەقی (عیناد) ، ئەوەش بەشیکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەودوژمنایەتییەی نێوان سەرکردەکانی زیبار و شیخەکانی بارزان،چونکە کێبرکێکە ئیقلیمی بوو تاڕادەیەک ، بەهۆی ئەوەی شێخەکانی بارزان لە ناوچەی ڕاستی ڕووباری زابەوە نیشتەجێ ببوون بەرامبەر هۆزی زێباری لە سەدەی نۆزدەدا، بارزانییەکان بە ڕاستەوخۆ هەڕەشەیان لە زێبارییەکان دەکرد بەهۆی ئەوەی زۆر لە جوتیارەکانیان ڕاکێشا بوو بۆ لای خۆی وە ببونە هێزێکی دەسەڵاتدار لە ناوچەکەدا. وە لەلایەکی کەوە شێخ ئەحمەد بارزانی دەیویست ئیدارەی بارزان بگوازێتەوە بۆ ڕەواندوز دور لە عەقرە کە زێبارییەکان دەسەڵاتییا بەسردا هەبوو.

لە بەشێکیکەدا نووسەر باس لەوە دەکات کە شێخ ئەحمەد بارزانی کەسێکی توند بووە، بەتایبەتی لەلایەنی ئاینیەکەیەوە، ئەوە بوو ئەو توندڕەوێتییەی وای کرد لە ساڵی 1931دا، شەر لە نێوان بارزانییەکان و برادۆستییەکاندا ڕویدا، پێدەچێت هۆی ئەو شەڕە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شێخ ئەحمەد بارزانی گۆشتی بەرازی حەڵاڵ کردبێت، بۆیە شێخ ڕەشید کوڕی لۆلان سەرکردەی برادۆستییەکان، داوای کرد کە پێش بەوکفرە بگرن،

هێرشیان کردە سەر بارزانییەکان ، ئەم هێرشانە بۆ سەر یەکتر بەردەوام بوو تاکو نۆڤێمبەری ئەوساڵە تاکو شێخ ئەحمەد دای بەسەر دێیەکانی برادۆستییەکاندا و شێخ رەشیدی دەرکرد بۆ ئێران ، ئەم جەنگ و هەرایە لە کاتێکدا بووە کە عێراق خەریک بوو بە پێی خۆی قایم دەکرد و خۆی ئامادە دەکرد کە لە کۆمەڵەی گەلان وەربگیرێت.
ئنجا نووسەر لە بەشێکی کەدا باس لە رەوشی شێخ مەحمود دەکات، کە ئەو هۆز و شێخانەی لە نزیک سلێمانی بوون ناکۆک بون لەگەڵیدا (وەک پێشتر باسمان کرد) نەیانویستووە بچنە ژێر دەسەڵاتییەوە، لەوانە هۆزی جاف و باجەلان وە هەروەها شێخەکانی هۆزی تاڵەبانی کە کێبرکێی بوون لە تەریقەتی قادریدا، وە هەروەها شێخەکانی بیارە و تەوێڵە.
ئنجا نووسەر دێتە سەر باسی پەیوەندی شێخ مەحمود لەگەڵ چواردەوریدا دانی پلەو پایە پێیان ، چ مەبەستیکی هەبووە، دێڤد ڕای وایە کە  شێخ مەحمود پێیوابووە کە دەتوانێت لە ئارامیدا بمێنێتەوە تەنها بە دروست کردنی بنکەیەکی دەسەڵاتدارێتی بۆ خۆی، ئەویش بەهۆی دامەزراندنی ئەوکەسانەی کە دژی بوون، پێچەوانەی ئەو بیریان دەکردەوە، لە دەسەڵاتدا، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئایا کەسی بەتوانان بۆ ئەو جێگانە.

لەبارەی پەیوەندی شێخ مەحمود بە رۆشنبیرانی کوردەوە،دێڤد وامان بۆ دەگێڕێتەوە.
هەرچەندە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا رۆشنبیرانی کورد بە پەنجەی دەست بژێردراون لە شارەکانی کوردستاندا، بەڵام سەر رای ئەوە هەندێکیان "کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان"یان دروست کرد لە مانگی حەوتی 1922دا، ئامانجی سەرەکیان ئەوە بوو کە کورد لەلایەن عەرەبەوە حوکم نەکرێت، وە زۆر دژی هەڵسوکەوتە هۆزەکییەکانی شێخ مەحمود بوون، وە هەروەها شێخ مەحمود پەیوەندی لەگەڵ رۆشنبیراندا باش نە بووە، هەربۆیە لە پاش ژمارە سیانزەی هەفتەنامەی(بانگی کوردستان) کە لە لایەن ئەو رۆشنبیرانەوە دەردەچوو، شێخ مەحمود هەفتەنامەکەی داخستن و، سەرنووسەرەکەی مەحمود پاشای کوردی دەرکرد، وە هەفتەنامەکەی گۆڕی بە(رۆژی کوردستان)، کە بەزمانی شێخ خۆیەوە دەردەچوو.

ئەم جیاوازی لە هەڵوێست و دووبەرەکییە شارەکانی کوردستانیشی گرت بۆوە، عێراق سەرقاڵی لکاندنی کوردستانی باشوور بوو بە خۆیەوە، هەرچەندە کوردەکان رازی نەبوون بەوە،و داواکارییان بۆ هەردوو حکومەتی عێراقی و بەریتانی بەرزدەکردەوە، بۆ نمونە لە داواکاریەکانیاندا کەرکوک داوای حکومەتێکی کوردی دەکرد کە جیا بێت لە سلێمانی، وە هەولێریش سور بوو لەسر ئەوەی کە ئیدارییەن جیا بکرێتەوە لە کەرکوک ، وە لەو کاتەی کە عێراق سەرقاڵی خۆئامادە کردن بوو بۆ هەڵبژاردن، شاری سلێمانی داواکارییەکی جیای هەبوو کە نەیدەویست بە هیچ جۆرێک بەشداری بکات لە هەڵبژاردنەکاندا.

لە پاش ئەوەی کە کوردستانی باشوور لکێنرا بە عێراقەوە، لە 20 کانونی دووەمی 1922دا عێراق و بەریتانیا ڕێکەوتن لەسەر پەیمانێک کە بەپێی ئەو پەیمانە کوردستان جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی پێدرا، بەڵام بڕگەیەک لە پەیمانەکە دەڵێت: هەردوو حکومەتەکە هیواخوازن، کە لایەنە کوردییەکان بگەنە رێکەوتن، لەسەر شێوە جیاوەزیەکانی ئەو دەوڵەتە و، سنورەکەی. هەرچەندە ئەم ڕێکەوتننامەیە فەیسەڵ مەلیکی عێراقی تازە درووست بووی دڵگران کرد کە نەیدەویست کوردستان لە عێراق بە هیچ شێوەیەک جیا بێتەوە، هەربۆیە کۆکۆس بۆ ئەم مەبەستە فەیسەڵی دڵنیا کردەوە بەنهێنی، کە کوردستان لە عێراق جیانابێتەوە، وە کۆکۆس بە فەیسەڵی ووت ئەوانەی کە بەیانەکەیان نوسیوە زانیویانە کە کورد لە ناو خۆیدا ناکۆکە هەر بۆیە ئەو بڕگەیەیان داناوە.
هەروەها نوسەر پێمان دەڵێت کە ئیدارەی بەریتانی درکیان بەوە کرد بوو کە کورد ناکۆکی زۆریان لە نێواندا هەیە، گەر رۆژێک لە رۆژان پرۆژەی سەربەخۆی کوردستانی باشوور هەبێت، پێویستە هۆزەکان یەکبخرێن ، چونکە  لە نێوان کورددا هاوکاریکردنی یەکتر زیاتر عەشایرییە وەک لەوەی نەتەوەیی بێت وەک چۆن نۆئێل ئاماژەی پێداوە.
لە پاش وەرگرتنی عێراق لە کۆمەلەی گەلان لە ساڵی ،1932 ئیتر بە یەک جاری کوردستان خرایە سەر ئەو دەوڵەتەو، کورد کرایە عێراقی ،بە رای نووسەر نە بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو و نە بوونی یەک دەنگی، یەکێک بووە لە ژێردەستە بوونی کورد. نووەسەر پاش ئەوەی باسی خیانەتی بەریتانیا و عێراق دەکات کە لە کوردیان کرد، ئنجا دەڵێت: ئەگەر زاخۆ و دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کفری وخانەقین بیان توانیایە بەرەیەکی هاوبەش دروست کەن، پێش ساڵی 1923 بۆ بەریتانیا و عێراق ئاستەم بوو کورد بێبەش کەن لە ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکەدا،

وە دەڵێت : هۆکاری سەرەکی تێنەگەیشتنی سیاسییان، کە دەتوانرا ئاگاداری هەرەشە و ستراتیجییە پێویستەکانبن بۆ بەرەنگار بوونەوەی پلانەکانی ئەنگلۆ-عێراقی لە پاش ئەو ماوە کورتەی دووای جەنگ.

shadmansalih@hotmail.com